The Center of Halabja
*Against Anfalization and Genocide of the Kurds*
*C.H.A.K*
www.chak.info

Nawendi Helebce
*Dj be Enfalkirdin u Ginosaydi geli Kurd*
*CHAK*
chak_org@yahoo.com

# بەرەو یادی کارەساتی سەردەشتی 20

**کەس و کاری قوربانیانی شاری سەردەشت**

**جەماوەری کوردستان**

**پارت و ڕێکخراوە کوردستانییەکان**

هەموومان ئاگادارین 20 ساڵ لەمەوپێش , لە بەرواری 28–6–1987 فڕۆکە مەرگهێنەرەکانی بەعس , کاتژمێری 4,30 سەر لە ئێوارە ژەهری قینی خۆیان بەسەر خەڵکی شەهید پەروەر و کورد پەروەری شاری سەردەشتی قارەمان و گوندی ڕەشە هەرمێ و دەوروبەریدا باراند , 4 فڕۆکەی مەرگهێنەر , بەم تاوانەیان , هەزاران هاووڵاتی سڤیلی ئەم دەڤەر و شارەیان شەهید و بریندارکرد , چەندین خێزانیان لە بنەچەوە پاککردەوە , تاکو ئێستا زیاتر لە 1000 هاووڵاتی بونەتە قوربانی ئەو تاوانە نامرۆڤانەیە .

لە کاتێکدا ئێمە یادی 20 ساڵەی ئەو تاوانە دەکەینەوە , هێشتا کارەساتی سەردەشت نەبۆتە دۆزێك بۆ تاوانبارانی بەغدا , هێشتا بریندارەکانی ئەم شارە لە ئێش و ئازاردا دەژێن , هێشتا ونبوەکان نەدۆزراونەتەوە , هێشتا لە لایەن ڕەوەندی کوردی و لایەنە سیاسییەکان بە تایبەت لە خۆرهەڵاتی کوردستان و دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە گرنگی بەم کارەساتە گەورەیە نادرێت , هێشتا سەردەشتییەکان بە تەنها یادی قوربانییەکانیان دەکەنەوە .

ئێمە لە یادی 20 ساڵەی ئەم کارەساتە , داوا لە هەموو لایەك دەکەین , ئەمساڵ یادێك لەو کارەساتە و لەو قوربانیانەمان بکرێتەوە , شایانی گەورەیی یاداوەری 20 ساڵەی کارەساتەکە بێت , ڕۆژی یاداوەرییەکە بکرێتە ڕۆژێك بۆ ڕسواکردنی دوژمنانی گەلەکەمان و بەکارهێنانی چەکی کۆمەڵکوژی کیمیاوی و هاوپشتی لەگەڵ داواکارییەکانی خەڵکی ئەم شارە .

## پارت و ڕێکخراوە سیاسییەکانی خۆرهەڵاتی کوردستان

بێدەنگی ئێوە لە ئاست ئەم دۆزە گرنگە و گرنگی نەدانتان بەو کارەساتە گەورەیە , مایەی نیگەرانی ئێمەو خەڵکی شاری سەردەشت و گوندی ڕەشەهەرمێیە , بۆیە داواتان لێدەکەین با هەموومان یەکگرتووانە بەرەو یادکردنەوەی کارەساتی سەردەشتی 20 بچین , یادێکی وای ئەو کارەساتە بکەینەوە , لە ئاستی گەورەیی تاوانەکە و ژمارەی قوربانیانی و تێکۆشەی و مێژووی پڕ لە شانازی شاری سەردەشتدا بێت .

**ناوەندی چاك**

**2007–6–11**

**[www.chak.org.uk](http://www.chak.org.uk)**